دەمیرتاش پێشەنگی سیاسەتی سڤیلە و حەزدەکات هەمووان لە تورکیا بە ئاسوودەی و بەختەوەری بژین

کەمال کەچدارئۆغلو، سەرۆکی پێشووی پارتی جەهەپە دوای دیدارەکەی لەگەڵ دەمیرتاش لە زیندانیی ئەزمیر ڕایگەیاند، "دەمیرتاش لە نزیکەوە چاودێری سیاسەتی تورکیا و جیهان دەکات، بەڵام دەمیرتاش، پێشەنگی سیاسەتی سڤیلە و حەزدەکات هەمووان لە تورکیا بە ئاسوودەی و بەختەوەری بژین".

سەرۆکی پێشووی جەهەپە لەبارەی ئەو سزای زیندانییەی بە سەلاحەدین دەمیرتاش دەرکراوە وتی:

"دەمیرتاش ئێگەر لە دەرەوە بووایە، بەردەم سیاسەتی سڤیل زۆر باشتر وایا دەبوو و دەنیاشم کەتایی بە رووداوەکانی تیرۆر دەهێنا، هەر بۆیە هەرگیز دەستبەسەرکرانی بەڵام دەمیرتاش بە ڕاست نازانم".

کەچدارئۆغلو وتیشی: "ئەرکی ئێمە ئەوەیە زمانێکی سیاسی نوێ لە تورکیادا بهێنینە ئاراوە و بە کارەکی دروستی نازانم دەمیرتاش لە زیندانداا بێت"، هەروەها جەختیکردەوە کە مەرجی بنەڕەتی ئاسایی بوونەوەی تورکیا بە دیموکراسیبوونی ئەو وڵاتەیە.

ڕۆژی 16ـی ئایاری 2024 دادگای تورکیا سزای 42 ساڵ زیندانیی بەسەر سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی هەدەپە سەپاند کە لە دەسیەی کەبانەدا تەمەتبار کرابوو و هەر لەو دەسیەیدا فیگەن یوکسەکداغ هاوسەرۆکی پێشووتری هەدەپە بە 30 ساڵ و ئەحمەد تورک، هاوسەرۆکی گەورە شارەوانیی مەردین بە 10 ساڵ زیندانیکردن سزادران.